وەزیری خوێندنی باڵا: کاردەکەین بۆ پەرەپێدانی ژینگەی توێژینەوە لە دامەزراوە ئەکادیمییەکان

نەعیم عبودی"وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی،جەختی لەسەر پێویستی کارکردن بەپێی قۆناغەکان لە بوارەکانی پەرەپێدانی پیشەیی و پەرەپێدانی ژینگەی توێژینەوە لە دامەزراوە ئەکادیمییەکان کردەوە. "عەبودی"لە وتارێکیدا لە میانی مەراسیمی دەرچوونی خولی شەست و شەشەمدا، بەناوی "لافاوی ئەقسا" لە زانکۆی بەغدا،کە ئاژانسی (موتەبع) چاودێری کردووە ،وتی:- هەمووان بەرپرسیارێتییەکی پێویستیان لە ئەستدایە کە پێیوەندی بە پاراستنی ناوبانگی ئەکادیمی ئەم دامەزراوە دەرینیە هەیە. ووونیشیکردەوە:- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەپێی قۆناغەکان لە بوارەکانی پەرەپێدانی پیشەیی و پەرەپێدانی ژینگەی توێژینەوە کاردەکات بەمەبەستی پەدانی پاڵپشتی پێویست بە زانکۆکان و کۆلێژ و بەش و سەنتەرەکانیان لە بوارەکاندا ،لە بەخشینی زانست و بەرهەمهێنانی توێژینەوەی زانستی و ئەنجامە ئەرێنییەکان لە پلەنە نودوونتییەکاندا. "عەبودی" بە ڕەزگرتن لە خوێندکارە باڵاکان و نوێکردنەوەی پابەندبوونی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە پاڵپشتیکردنی ئەو دەرچوانانەی کە خەیان بە کەرەستەی مەعریفە بەرهەمدار کردووە،و ئامادەن بە ژینگەی کارکردن و دەستکردن بە ئەرک و بەرپرسیارێتیەکان ،کەتایی بە چالاکییەکانی دەرچوون هەنا.